# بەرزانی لاسایی سەدام ئەکاتەوە !

عامر سابیر
asabir79@hotmail.com

سەدامی فاشی هەر ساڵی چەند جارێك، وە هەندێ جار بە چەند ساڵ جارێك، لە بۆنەکانی وەك یادی لەدایکبوونی، وەیان ڕۆژی دامەزراندنی بەعس، وە هەندێ جار لە جەژنە ئاینیەکاندا، لێبوردنی گشتی بۆ زیندانیان دەردەکرد، وە هەر جارێك کۆمەڵێکی زۆر لە زیندانیان لە چاڵە ڕەشەکانی بەعس ئازاد دەکران.
مەسعود بەرزانی بە هەمان چەشنی سەدام لە جەژنی قوربانی ئەمساڵدا ئەو کارەی سەدامی دووبارە کردەوە، وە 53 زیندانی ئازاد کرد.
جیاوازیەك کە هەبێت لە نێوان ئەوەی بەرزانی و سەدامدا، ئەوەیە کە لەمەی ئەمدا هیچ کەسێکی سیاسی و موخالیفی پارتی ئازاد نەکراوە، بەڵام لە لێبوردنەکانی ئەودا زۆر جار چەندین کەسی سیاسی و دژی بەعس ئازاد دەکران. ئەمە سەرەڕای ئەوەی 53 کەس لە چاو ئەو هەموو بەند کراوەی کە لە کوردستاندا هەیە ڕێژەیەکی زۆر کەمە.
لە وڵاتێکدا ئەگەر یاسا سەروەر بێت، ئەگەر مافی مرۆڤ تیایدا پارێزراو بێت، ئەگەر دادگا سەربەخۆ بێت، ئەگەر مافی مەدەنی تاکەکان بەرقەرار بێت، ئەگەر ئازادی سیاسی فەراهەم بێت، ئەوا جێگەی لێبوردنی لەم چەشنەی سەدامی فاشی و مەسعود بەرزانی تیادا نابێتەوە.
بەڵام چونکە لە عێراقی دوێنێی ژێر چەتری بەعسی فاشی و سەدامی دڕندەدا وە لە کوردستانی ژێر چەتری حوکمی بنەماڵەو سەرۆکدا ئەوەی بەرقەرار نیە دادگایەکی سەربەخۆیە، ئەوەی هەموو ڕۆژ پێشێل ئەکرێت مافی مرۆڤە، وە ئەوەی وەك لاستیك کرژ و درێژ ئەکرێت لە پێناوی بەرژەوەندی سەرۆك و حیزبەکەیدا یاسایە، بۆیە جێگەی مەهزەلەی لەم چەشنە لێبوردنەی تێدا دەبێتەوە.

**21-1-2006**